هەرێمی كوردستان – عێراق　　　بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان　　ناو: _______________

لیژنەی باڵای ئەزموونەگشتییەكان　　　بابەت: مێژوو / كات - ٣ كاتژمێر

ئەزموونە گشتییەكانی قۆناغی ئامادەیی (وێژەیی)　　　ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ خولی یەكەم

SN: 300000001　　　A 7239

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە)

١. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم میرنشینێكی گەورەی كورد بووە , لە ژووروی میر نشینی سۆران لە ناوچە شاخاویەكان دامەزرا:

A) ئەردەڵان　B) بۆتان　C) بادینان　D) هەكاری

٢. حاكمی سیاسی ئینگلیزەكان ( دەبلیو. ئار. های ) لە ........... لە ١٢ ئابی ١٩٢٠ لە بۆسەیەكدا زۆر بەسەرسوڕمان ڕزگاری بوو:

A) كفری　B) موسڵ　C) هەولێر　D) ئاكرێ

٣. دوو كارخانەی دامەزراند یەكێكیان بۆ دروستكردنی چەك ئەوی تریان بۆ دروستكردنی باروت:

A) ئەحمەد پاشای بابان　B) بەدرخان پاشای بۆتان　C) مەئمون بەگی سۆران　D) زەینەدینی بادینی

٤. عوسمانییەكان بە درێژایی هەردوو سەدەی (چواردەو پازدەی) زایینی دەسەڵاتیان سەپاندبوو بەسەر:

A)ئاسیای بچووك　B) نیمچەدورگەی بەلقان　C) خۆرئاوای عەرەبی　D) وەڵامی ( A و B ) ڕاستە

٥. ڕەنگدانەوەی چاكسازی عوسمانی لە كوردستان بەدەر كەوت لەبەشی:

A) باشوور وخۆرئاوای كوردستان　B) باكوورو خۆرهەڵاتی كوردستان

C)خۆرهەڵاتی كوردستان　D) باكووری كوردستان

٦. كەسایەتیەكی شۆڕشگێری كورد بوو , پایەی مفتیشی پەروەردەی لە وەزارەتی مەعاریف دا هەبوو , بوو بەسەرۆكی باڵای حزبی هیوا:

A) تۆفیق وەهبی　B) صالح حەیدەری　C) ڕەفیق حلمی　D) مستەفا عوزێری

٧. كۆماری كوردستان بە سەرۆكایەتی قازی محەمەد ڕاگەیەندرا لە:

A) ١٧ی كانونی دووەمی ١٩٤٦　B) ٢٢ی كانونی دووەمی ١٩٤٦

C) ١٧ی كانونی یەكەم ١٩٤٦　D) ٢٢ی كانونی یەكەمی ١٩٤٦

٨. ئەو لیوایە بوو دژی مەلیك فەیسەل دەنگیدا لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٢:

A) سلێمانی　B) هەولێر　C) كەركوك　D) موسڵ

٩. پەیوەندی نێوان عوسمانی و مەمالیك تێكچوو لە ئەنجامی هێرشی عوسمانیەكان بۆ سەر میرنشینی (ذي القدر) لە:

A) شام　B) حیجاز　C) ئەسكەندەریە　D) یەمەن

١٠. لە پێناو ئازادكردنی كوردستانی ژێر دەستی قاجاری ( شێخ عوبەیدوڵای نەهری ) سەركردایەتی قۆڵی دووەمی كرد بۆ ڕزگاركردنی:

A) موكریان　B) ئورمیە　C) كرماشان　D) سەلماس

١١. میر بەدرخان و جەنگاوەرەكانی توانیان داكۆكی لە قەڵای ئاروخ بكەن بۆ ماوەی:

A) (٨) مانگ　B) (٩) مانگ　C) (٦) مانگ　D) (٧) مانگ

١٢. بوو بە سكرتێری گشتی ( پارتی دیموكراتی كورد – سوریا ) لەئابی ١٩٥٧:

A) عوسمان سەبری　B) جەلادەت بەدرخان　C) نورالدین زازا　D) سەید ڕەزا

١٣. سەرۆكایەتی ئەو لیژنە سەربازیەی دەكردكە میر محەمەد پاشای گەورە میری سۆران دروستی كردبوو:

A) محەمەد بەگ　B) ئەحمەد بەگ　C) عیسا بەگ　D) كەلوس بەگ

١٤. له ١٩ حوزەیرانی ١٩١٣ گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی ڕۆژی کورد بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی:

A) کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد B) کۆمەڵەی هێڤی C) کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد D) پارتی ڕزگاری کورد

١٥. لەسەردەمی ئەو میرەدا سنووری میرنشینی ئەردەلان زۆر فراوان بوو, هەتا هەولێریشی گرتۆتەوە :

A) بۆداغ بەگ B) بابە ئەردەلان C) ئەبدال بەگ D) کلۆل بەگ

١٦. له ٢٨ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٧ سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیەندرا و ئاڵای کوردستان هەڵکرا له :

A) ئاگری داغ B) دەرسیم C) ناوچەی بارزان D) شاری سلێمانی

١٧. (کورد و تورک یەک ڕەگەزن) بیانوێک بوو کەمالیەکان پێداگریان کرد که ویلایەتی موسڵ بەشێکه له تورکیا له پەیمانی :

A) ڤییەنا B) سیڤەر C) لۆزان D) ئاشتی

١٨. دامەزرێنەری (کۆمەڵەی کوردستان) بوو له باشوری کوردستان له ساڵی ١٩٢٢ :

A) مستەفا پاشای یاملکی B) موسا عەبدول سەمەد C) یونس ڕئووف D) خلیل خەیالی

١٩. یەکێ له ئامانجه ستراتیجیەکانی دامەزراندنی سوارەی حەمیدییه لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەرگریکردن بوو له پەلاماری:

A) ئیتالییەکان B) ئەڵمانەکان C) ڕووسەکان D) فەرەنسییەکان

٢٠. له ٣٠ تشرینی یەکەمی ١٩٢٤ کۆمەڵەی ئەتەوەکان لیژنەیەکی سێ کەسی ئارد بۆ ویلایەتی موسڵ یەکێکیان جوگرافی ناسی بەناوبانگ و سەرۆک وەزیرانی پێشووی مەجەر بوو:

A) ئەی پۆلس B) کۆنت پۆل تیلیکی C) ئای.ئێف.ڤێرسن D) ستانلی مود

٢١. ئەو عەشیرەته کوردەی بەرگریەکی دلێرانەیان کرد له بەرامبەر لەشکری ڕووس له دەورو پشتی( کرماشان و خانەقین ) :

A) شکاک B) زەندی C) بۆتی (بوختی) D) سنجاوی (سنجابی)

٢٢. بەهۆی خراپی دەسەڵاتی سەفەویەکان بەرامبەر کوردەکان لەلایەک وهەوڵی ...... کورد لەشەڕی چاڵدێران لایەنگری عوسمانیەکانیان کرد:

A) سوڵتان مەحمودی دووەم B) مەلا سەلیمی بەدلیسی C) سەید تەهای ئەهری D) مەلا ئیدریسی بەدلیسی

٢٣. سێر پرسی کۆکس کرا به مەندوبی سامی بەریتانیا له عێراق دوای لابردنی :

A) ستانلی مود B) ئارنۆلد ویلسن C) ویدرۆ ویلسن D) ونستۆن چەرچل

٢٤. بەهۆی نزیکیانەوە پێش وولاتانی تری ئەوروپی ڕوویان کردە خۆرئاوای عەرەبی بەمەبەستی داگیرکردن :

A) پورتوگالیەکان B) ئیسپانیەکان C) ئینگلیزەکان D) هۆڵەندیەکان

٢٥. یەکێک له ئەنجامەکانی ...... ناچاربوونی ناپلیۆن بوو بۆ ئازوقە پشت ببەستێت به میسر :

A) شەڕی ئەبی قیر B) شەڕی ئەمبابە C) شۆڕشی یەکەمی قاهیرە D) پەیمانی عەریش

٢٦. سەرۆک وەزیران و سوپاسالاری حکومەتەکەی ( شێخ مەحمود )بوو:

A) ئەحمەد بەگ B) شێخ محەمەد غەریب C) شێخ قادری حەفید D) شێخ صدیق قادری

٢٧. ئەدەبی یەکگرتووی کوردی گەورەترین دەستکەوتی میرنشینی :

A) ئەردەلانە B) سۆرانە C) بادینانە D) بابانە

٢٨. لە( ١٠ )ی ئابی ١٩١٩ لە درێژەی زنجیرە ڕاپەڕینەکانی دژبە ئینگلیزەکان ڕاپەڕینەکان گەیشتە ناوچەی :

A) سۆران B) بارزان C) تەلەعفەر D) گویان

٢٩. له ماوەی حوکمڕانی ئەودا گلکۆی ( حافزی شیرازی ) و ( سەعدی شیرازی ) سەر لە نوێ نۆژەن کرانەوە:

A) فتح علی خان B)سادق خان C) کەریم خان D)- عەلی مراد خان

٣٠. دامەزراندنی وەزیرێکی کورد کە ببێتە بەرپرسی ویلایەتی کوردستان یەك لەداواکاریەکانی مستەفا بارزانی بوو لە حکومەتی:

A) حەمدی پاچەچی B) سالح جەبر C) نوری سەعید D) نورالدین مەحمود

٣١. بەیەکجاری کۆتایی بەدەسەلاتی هات بەتایبەتی دوای مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئەرزرومی دووەم لە سالی ١٨٤٧ :

A) میرنشینی بابان B) میرنشینی سۆران C) میرنشینی بۆتان D) میرنشینی بادینان

٣٢. میر( حسێن )ی ئەردەلانی دژی دەسەلاتی عوسمانی ڕا پەڕی بەلام دەوڵەتی عوسمانی هێرشێکی گەورەی کردە سەرو ڕا پەڕینەکەی لەناوبردلەسالی:

A) ١٥٣٠ B) ١٥٣٣ C) ١٥٣٦ D) ١٥٣٨

٣٣. کاری گرنگی چەسپاندنی بۆدجەی دەوڵەت و جێ بەجێکردنی سیستەمی لامەرکەزی بوو لە ویلایەتەکان :

A) سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم B) سوڵتان مەحمودی دووەم C) سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم D) سوڵتان عەبدولعەزیز

٣٤. کۆمەڵەی مەبەستە چاکەکان لەسەردەمی مدحت پاشا دامەزرا لە :

A)عێراق B) میسر C) لوبنان D) سوریا

٣٥. ( بەدرە , جەسان, مەندەلی و ئەو گوندانەی دەکەونە نێوان قەلای زنجیر تا قەلای زەلم لە شارەزوور ) دەکەونە نێو سنووری دەوڵەتی عوسمانی بە پێی ڕێکەوتنامەی :

A) ئەماسیە B) زەهاو C) ئەرزرومی یەکەم D) ئەرزرومی دووەم

٣٦. دەسەلاتی سنوور دار کراو چارەنووسی محەمەد علی دیاری کرا بە پێی پە یمانی:

A) لەندەن B) عەریش C) قاهیرە D) نوشی

٣٧. بەهۆی خراپی باری ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی لە عێراق ڕا پەڕینێك دژی دەسەلاتی عوسمانیەکان ڕووی دا بەسەرکردایەتی:

A) ڕەشید پاشا B) عبدولغنی جمیل موفتی C) ڕاشدی کوڕی ئەلغامس D) ئیبراهیم پاشا

٣٨. ڕا پەڕینی گاورباغی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بەرپایان کرد لەسالی :

A) ١٩٤٨ B) ١٩٤٧ C) ١٩٤٦ D) ١٩٤٥

٣٩. دوای دادگایەکی ڕووکەشانە خۆی و( یازدە ) کەس لە هاوڕێکانی لە شاری ئەرزنجان لە سێدارەدران:

A) شێخ سەعیدی پیران B) ئیحسان نوری پاشا C) سەید ڕەزای دەرسیم D) سمکۆی شکاك

٤٠. هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی هەریەکەیان دەیویست لەسەر حسابی ئەوی دیکە دەسەلاتەکەی فراوان بکات لەسەرەتای سەدەی:

A) چواردەهەم B) پازدەهەم C) شازدەهەم D) حەڤدەهەم

٤١. سوڵتان مەحمودی دووەم بۆی دەرکەوت بزوتنەوەی چاکسازی سەرناگرێت بەبێ:

A) دامەزراندنی سوپایەکی نوێ B)دامەزراندنی سوپایەکی بەهێز

C) لەناوبردنی هێزەکانی ئینکشاری D) هەموو وەلامەکان ڕاستن

٤٢. بەشێکی گەورەی باکوری کوردستان بەتایبەت ویلایەتەکانی( قارس, ئەرزروم،وان,بەدلیس ) بە پێی پە یمانی سایکس - بیکۆ بوو بەبەشی:

A) بەریتانیا B) روسیا C) فەرەنسا D) ئیتالیا

٤٣. دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بارزانیەکان خۆیان بەدەستەوە نەدا بڕیاری شەڕیان داو هێزەکانی ئێرانیان ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە کردەوە بەتایبەتی لەبەرەی:

A) شنۆ B) سەقز C) بۆکان D) هەریەکە لە (A وC ) ڕاستن

٤٤. یەکێ بووە لە میرەکانی میرنشینی بابان کە ئاواتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی بوو بەڵام ململانێی نێو بنەماڵەکە هەلی جێبەجێکردنی بۆ نەڕەخساند:

A) ئەحمەد پاشا B) ئیبراهیم پاشا C) عبدالرحمن پاشا D) مەحمود پاشا

٤٥. ڕۆشنبیرو شاعیرانی کورد دەوری چالاکیان هەبوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژێ -کاف ) وەك:

A) بێکەس B) هێمنی مەهابادی C) دڵدار D) دڵزار

٤٦. لە ٩ ی کانونی یەکەمی ١٩٣١ بارزانیەکان توانیان فەوجێکی سەربازی حکومەتی عێراق تێکبشکێنن لە شەڕی:

A) بەرقی بەگ B) قاراوا C) دۆلاڤاژی D) مەیدان موریك

٤٧. توانی هۆزەکانی (بلباس و موکریان ) و شارەکانی( سابلاغ و نورمیەو مەراغە ) داگیربکات و بیخاتە سەر میرنشینەکەی :

A) مەئمون بەگ B) خان ئەحمەد خان C) کلۆڵ بەگ D) هەڵۆخان

٤٨. کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی لە ساڵی ١٩٠٨ لە دەوڵەتی عوسمانی کودەتای ئە نجامدا بەسەر سوڵتان :

A) عەبدولەجیدی یەکەم B) مەحمودی دووەم C) عەبدولحەمیدی دووەم D) عەبدولعەزیز

٤٩. سامانە بەجێ هێڵراوەکانی ئێرانیەکان لە دەوڵەتی عوسمانی بۆخاوەن واریسە شەرعییەکان دەگەڕێتەوەبە پێی ماددەی.......... لە ڕێککەوتننامەی ئەرزرومی یەکەم :

A) پێنجەم B) شەشەم C) حەوتەم D) هەشتەم

٥٠. لەدوای باوکی لە میرنشینی بادینان بووە فەرمانڕەوا هەرچی ناخۆشی و ژان و ئازار هەبووە بەهۆی سۆزو بەزەیی لە بیر هەژارانی میرنشینەکەی بردۆتەوە:

A سیف الدین B) مراد خان C) زەین الدین D) حەسەنی کوڕی سەیف الدین

**A**

student12.com

وەڵامی نموونەیی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی (وێژەیی )بابەتی مێژوو

بۆ ساڵی خوێندنی 2020 - 2021 ( خولی یەکەم )

| # | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 | 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | D | C | B | D | A | C | B | C | A | B | A | A | B | B | D | A | C | A | C | B | D | D | B | A | A |
| B | D | C | C | B | C | C | B | D | B | D | B | A | C | A | A | A | C | A | A | C | C | D | D | C | A |

| # | 26 | 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 32 | 33 | 34 | 35 | 36 | 37 | 38 | 39 | 40 | 41 | 42 | 43 | 44 | 45 | 46 | 47 | 48 | 49 | 50 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | C | D | A | C | C | B | D | C | D | B | A | B | C | C | C | D | B | A | C | B | A | B | C | B | A |
| B | B | B | C | B | C | B | A | C | B | A | B | C | D | A | D | A | C | A | D | B | A | B | B | D | B |